# ماوتسی تۆنگ، بەشێوەیەکی ناکۆتا بیردەکاتەوە

ئالان بادیۆ

و. وەلید عومەر

ماویزمی بادیۆ، بەبێ ئەوەی هەرگیز پەشیمانیی بۆ درووست بکات، یەکێکە لە پڕ مشتومڕترین ڕەگەزەکانی فیکر و بیرکردنەوەی ئەو، جاروباریش لێکدانەوەی هەڵەی بۆ کراوە. گفتوگۆکەی خوارەوە لە دەوری ئەم مەسەلەیە دەسوڕێتەوە. بە بڕوای بادیۆ، ماو پرۆژەیەکی مێژوویە یان لانیکەم مۆدێلێك بۆ بیرکردنەوەی دیالەکتیکی دەخاتەڕوو. دەتوانین بەسەرهاتەکە بەم جۆرە بگێڕینەوە:

ماوەیەك پێش ئێستا، ئالان بادیۆی فەیلەسوفی فەرەنسی(و **ماویستی** ناودار) سەفەرێکی بۆ چین کرد تاکو لەگەڵ یەکێك لە فەیلەسوفە چینییەکاندا بکەوێتە گفتوگۆوە. لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، ڕوون نیە ئەم فەیلەسوفە چینییە کێ بووە، بەڵام دەقی ئەم چاوپێکەوتنە ماوەتەوە و لێکچوونێکی سەرنجڕاکێشی لەگەڵ کۆدیدارەکانی بادیۆ و "لو شینهوا"دا هەیە، کە یەکێکە لە بەرگریکارە پڕ هەڵاکانی تیۆریزەکردنی هونەری هاوچەرخ. لە کانونی یەکەمی ڕابردوو لە نیۆرك، بادیۆ ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ ژنە ئەکتەرێکدا

هێنایە سەر شانۆ کە ڕۆڵی گوێگرێکی گومانداری دەگێڕا( skeptical interlocutor): ئەم نمایشە نوێیە پەنجەرەیەك بوو بەڕووی دونیای پڕجۆشوخرۆشی فەنتازیا ڕۆژهەڵاتناسییەکانی فەلسەفەی قارەییدا.

## سەرکردەی ناکۆتا

- **فەیلەسوفی چینی: کەی و لەژێر چ هەلومەرجێکدا دەستت کرد بە خوێندنەوەی نوسینەکانی ماوتسی تۆنگ. خۆ هیچ نەبێت، خوێندنەوەی ماوتسی تۆنگ بۆ فەیلەسوفێکی فەڕەنسی شتێکی سەیر و نائاساییە.**

بادیۆ: لە سەرەتای شەستەکاندا لەژێر کاریگەریی زرووف و بارودۆخی جیهاندا دەستم کرد بە خوێندنەوەی ماو. هەرگیز کۆمۆنیزمی ستالینی، یەکێتیی سۆڤیەت، یان نۆژەنخوازی(revisionism) لە چەشنی ئەوەی خرۆشچۆف وەسوەی تێنەخستم. هیچکاتێك ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی فەڕەنسا نەبووم. هەر لەسەرەتاوە، ناوەڕۆك و ستایلی مشتومڕی چینییەکان لەگەڵ نۆژەنخوازە سۆڤیەتییەکاندا گومانی تیا بزواندم سەبارەت بە یەکێتیی سۆڤیەت و حیزبی کۆمۆنیستی فەڕەنسا. ڕەنگە ئێوە بڵێن، من لە ماو و حیزبی کۆمۆنیستی چیندا، بە پلەی یەکەم جۆرێك ڕەخنەی "چەپگەرایانە"م لە سیاسەتی سۆڤیەتدا بەدی کردبێت. گلەیی سەرەکیی ***ماو*** ئەوە بوو کە دیدی ***ستالین*** دیدێکی دیالەکتیکی نیە. ئەو(واتە ستالین) پیشاندەری سۆسیالیزمێکی دەوڵەتیی مەنگ و بەستووە، لەکاتێکدا ماو بەشێوەیەکی ناکۆتا و ئەبەدی بیردەکاتەوە، وەکچۆن لە هەموو بەرهەمە باڵاکانیدا دەبینرێت.

- **فەیلەسوفی چینی: پێدەچێت، بەڵام ئەو ناکۆتایەی ئێوە باستان کرد، لەگەڵ ئەو ڕەقی و بەستوویی و پراگماتیزمەدا تەواو ناکۆکە کە ئەجێندایەکی سیاسیی ڕاستەقینە هەیەتی. بە لای منەوە زۆر سەیرە کە ماو لایەنگری دیالەکتیکی ناکۆتا بووبێت. فیکری ناکۆتا، زیانێکی گەورەی بەو ژیانە کورت و چکۆلەیەی**

**ژنان و پیاوانی سەر گۆی زەوی گەیاندووە. بۆیە ڕێم بدە بەم جۆرە بپرسم: ئایا ماو، فەیلەسوفی *ناکۆتا*، لە خەباتە سیاسییەکەیدا بەهەڵەدا نەچوو؟**

بادیۆ: ئەوە مەسەلەیەکی ئاڵۆزە. لەلایەکەوە، گومانی تیا نیە کە دەتوانین دوو بڕگەی گرنگ لە خەباتی سیاسیی ماودا لەبەرچاوبگرین وەك نسکۆ و نوشوستییەکی دڵتەزێن کە زیانێکی زۆری لە ژیانی مرۆڤەکاندا هەبوو: «بازێکی زل بۆ پێشەوە» و «شۆڕشی گەورەی کەلتوریی پرۆلیتاریا». مافی خۆشتانە لە هەریەکە لەمانەدا جۆش و خرۆشێك ببینن بۆ جووڵانەوەیەکی ڕاستەقینە و ناکۆتا. لەلایەکی ترەوە، ئەم دوو بڕگە [زەمەنییە] ئەوەی سەلماند کە بڕیاری ماو بۆ دۆزینەوەی شێوازی نوێ بەرەو جووڵانەوەی ڕاستەقینە ڕووەو کۆمۆنیزم شتێکی ڕوون و حەتمییە. ماو خوازیاری شۆڕشێکی کۆمۆنیستییە لە هەناوی دەوڵەتێکی سۆسیالیستیدا. بۆیە دەبوو شتێکی نوێی بخولقاندایە، هەروا دەچووە پێشێ، هەڵە و تاقیکردنەوەشی دەکرد، چونکە کۆمۆنیزم ڕێك بریتییە لەو ناکۆتایەی کە کۆتادارێی دەوڵەت(و بیرەحمییەکەشی) خۆی لەخۆیدا ئەو توانایەی نیە.

## تارماییەکانی دەوڵەتی سۆسیالیستی

**فەیلەسوفی چینی: ماویزمەکەی ئێوە، ئەمڕۆ لەو دونیا ڕۆژئاواییە دیموکراسییەی تێیدا دەژین جێی درك و تێگەیشتن نیە و لێی تێناگەن. چۆن دەکرێت لە ساڵی ٢٠١٤دا هێشتاش کەسێك هەبێت *ماوی* بێت، ئەویش بە مانای پڕاوپڕی وشەکە؟ ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی ئێوە وەك سەربازێکی پیر و پاشماوە یان تەنانەت وەك خێو و تارماییەك سەیربکرێن؟**

بادیۆ: تۆ ڕاست دەکەیت. ئەمڕۆ "ماویبوون" هیچ مانایەکی نیە. لە دەیەی ٦٠ و ٧٠دا، هەزاران هەزار خەباتگێڕ لە سەرتاپای جیهاندا لەنێوان ساڵانی ١٩٦٦-١٩٧٩ماوی بوون، سەردەمانێك کە من ناوی دەنێم "ساڵە سوورەکان"- کاتێك دەتوت ماوییوون، ڕێك یەك

مانای هەبوو: ئێمە لەو بڕوایەداین کە ئەزموونی بنەڕەتی بۆ شوێنکەوتنی سیاسەتی کۆمۆنیستی بریتییە لە شۆڕشی کەلتوری نەك دەوڵەتی سۆڤیەت[سۆڤیەت لەبنەڕەتدا، بەمانای ئەنجومەن و شورا و سەندیکاش دێت]. ئێستا ڕوسیا و چین دەوڵەتی سەرمایەدارن و خۆی لەخۆیدا و بۆ من لە ڕووی سیاسییەوە هیچ بەها و بایەخێکیان نیە. حاڵی حازر، ماو تاکە ناوێکی ڕاستەقینەیە کە بەستراوەتەوە بە دوایین ئەزموونی گەورەی مێژووییەوە، ئەو پیاوەی کە هەوڵیدا بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە دۆخەکە بۆ کۆمۆنیزم بڕەخسێنێت، ئەویش بەهۆی چالاکیی جەماوەرییەوە لەناو دەوڵەتی سۆسیالیستیدا. ئەو، یەکەم کەس بوو بیری لەوە کردەوە دەوڵەت چارەسەرێکی کۆمۆنیستانە نیە بەڵکو سیاقێکی نوێیە بۆ شۆڕشێکی کۆمۆنیستی.

- **فەیلەسوفی چینی: کاتێك دەڵێیت سەرباری ئەو وێرانکارییە تۆقێنەرەی کە شۆڕشی کەلتوری بۆ چینی هێنا، دیسان هەر دەبێت وەکو سەرچاوەی بیرکردنەوە سەیری بکەین نەك کارەساتێکی جەرگبڕ، ئایا ئەوە بەجدییەوە قسە دەکەیت یان تەنیا ورووژێنەرانە دەدوێیت تاکو زەینی خەڵك بورووژێنیت؟**

بادیۆ: دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە کۆمۆنەی پاریس لە ساڵی ١٨٧١ "کارەسات"ێکی عەیارە بیستوچوار بوو- بیست هەزار کرێکار لە شەقامەکانی پاریسدا کوژران-، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە سەرلەنوێ بیرکردنەوە لە کۆمۆنەی پاریس بوو کە لینین لە ساڵی ١٩١٧ ڕێگای بۆ شۆڕشێکی بالآدەست و سەرکەوتوو کردەوە. هەر بەم پێیە، تەنیا بەهۆی دووبارە بیرکردنەوەیە لە شۆڕشی کەلتوری کە دەتوانین خۆمان ساز و ئامادە بکەین بۆ جووڵانەوەیەکی سیاسیی کۆمۆنیستی لە داهاتوودا. بۆ؟ چونکە شۆڕشی کەلتوری تاکە نمونەی شۆڕشە لە هەلومەرجی سۆسیالیزمی دەوڵەتیدا. شتێکی ڕێکەوت نیە کە گرنگترین دەسکەوت و دەرهاویشتەی شۆڕشی کەلتوری ناوی "کۆمۆنەی شەنگەهای"ـە.

## شۆڕشگێڕان وەك هونەرمەندانی شکستخواردوو

- **فەیلەسوفی چینی: وەڵامەکەی تۆ بۆ ئەو پرسیارەی "چ کاتێك کۆمۆنیزم دەبێتە ڕاستی و دێتەدی" بەم جۆرەیە: «کاتێك هەموان ببنە فەیلەسوف». هونەریش یەکێکە لە مەرجەکانی فەلسەفە. ئاخۆ مەرجە هەرکەس کۆمۆنیست بێت دەبێت هونەرمەندیش بێت؟ ئایا دەبێت شۆڕشگێڕان هەموویان هونەرمەندی شکستخواردوو بن؟**

بادیۆ: من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا ناکۆکم کە پێی وایە هەموو شتێك سیاسییە. ڕەنگە زۆرێك لە شاعیرە گەورەکان کۆمۆنیست بووبن- ئەمە هیچ مشتومڕێك هەڵناگرێت. سیاسەت فۆرمی سەربەخۆی چالاکی و بیرکردنەوەیە. هەموان ئەو توانایەیان هەیە کە ژیانی خۆیان لەسەر بنەمای ئایدیایەك ئاراستە بکەن. شەڕ و ململانێی ئایدۆلۆژی شتێکی پێویست و ناچارییە، واتە گەشەپێدان و پیشاندانی ئەوەی کە ئەم شەڕ و ململانێیە پایە و ئەگەرەکانی سیاسەتێکی یەکسانخوازانە دادەڕێژێت.

## پێشکەوتنی هەستپێنەکراو(نەبینراو)

- **ئایا دەنگنەدانتان لە هەڵبژاردنەکانی فەرەنسادا گوزارشت لەوە ناکات کە تۆ ئەو هەل و دەرفەتە بە بچوك دەبینیت لەکاتێکدا زۆرێك هەن ئیرەیی پێلەبەن و حەزیان لێیەتی؟**

بادیۆ: ئێمەی خەڵکانی ئەوروپا و ئەمریکا دەزانین کە چۆن دیموکراسیی پارلەمانی هیچ نیە جگە لە گونجاوترین سیستەمی سیاسی بۆ پەرەپێدانی هەمەلایەنەی سەرمایەداری. لە وڵاتێکی وەك فەرەنسادا، دەنگدان تەنیا بەو مانایە دێت کە تۆ

لەبنەڕەتەوە لەگەڵ سیستەمی ئابوری/سیاسیی باڵادەستدا کۆکیت و هیچ کێشەیەکت نیە. ئۆکەی، ڕاستت بوێت من کۆك نیم.

- **فەیلەسوفی چینی: بەڵام ئایا سەرمایەداری لە جیناتماندا نیە، لە دانە بە دانەی ئارەزوو و غەریزەکانماندا؟**

بادیۆ: هەمیشە ئاماژەم بەوە کردووە کە دواجار ناتوانرێت ئەرگۆمێنتێکی عەقڵانی بۆ بەرگریکردن لە سەرمایەداری بهێنرێتەوە. چونکە هەر لە بنەڕەتەوە سەرمایەداری بریتی نیە لە نۆرم یان ڕێکی و ڕێسا(چونکە جۆرێکە لە کۆتادارییەکی گەندەڵ و سەخیف). بۆیە بەم پێیە بانگەشەی ئەوە دەکەن تاکە واقیعی مومکین و بەردەستە. ڕێم بدە بڵێم: سەرمایەداری سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی تەواو ساختەیە. ئێمە هێشتا سەروکارمان لەگەڵ دووڕیانەکەی مارکسدایە: یان کۆمۆنیزم یان بەربەریەت. ئەوەتا حاڵی حازر بەربەریەت بۆتە واقیعێکی باڵادەست. بەڵام ئاگاداربوون لە دیوە نەخۆش و پاتۆلۆژییەکانی تادێت زیاتر دەبێت و لە بەرەو پێشچووندایە. بەرەوپێشچوونێکی هێمن و نەبینراو بەڵام تەواو ڕاستەقینەش. من لە فەیلەسوفانی [شاهیدی] ئەم پێشکەوتنە شاراوە و نەبینراوەم.

سەرچاوەکان:

١.سایتی تێزی ١١، www.thesis11.com

٢. سایتی ڤێرسۆ، http://www.versobooks.com/